

# پاررووه نانێک

حەکیم مەلا ساڵح
(هەڵەبجە)

شەکەت و ماندوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئارەق لەسەر ڕووی دەچۆڕا خۆی گەیاندە سەر تەپەکە، لەبەرزایی تەپەکەدا وەستا و سەیرێکی ئەم لاولای کرد، گڕەبایەکی هێمن لەشی لە ئارەق هەڵنیشتووی فێنک کردەوە، هەردوو شانی هەڵتەکان و کۆڵەبارەکەی پشتی ڕێک کرد، دوو سێ جار هەناسەی قووڵی هەڵکێشا، بەناو لەپی ئارەقەکەی تەوێڵی سڕی، چەند دڵۆپێکی ئارەقەکە لە نووکی پەنجەکانییەوە دابارینە سەر خۆڵە گەرمەکەی بەرپێی، جارێکی تر باش تەماشای ئەم لاولای کرد، دەوروبەرەکەی تا چاوبڕیکات کەژ و کێو و لێڕەواری چڕبوو کە لەژێر تینی گەرمای تاقەت پڕووکێنی هاویندا تاوی سەندبوو، هەم تینوو هەم برسیشی بوو، بەدوای سەیوانێکدا دەگەڕا تا تاوێک بحەوێتەوە، ماندوێتی لەشی خستەلاوە تا لە شوێنێ پاررووە نانێک و پیاڵەیەک چا بخوات. لە بەیانی زووەوە کە بەڕێ کەوتبوو تا ئەو ساتەی کە ڕۆژ لە نیوەی تێپەڕاندبوو، بێ وەستان بەکۆڵە قورسەکەیەوە ڕێگای بڕیبوو. واهات بەخەیاڵیدا دەبێ لەدەوروبەری ئەم تەپەدا گوندێک هەبێت، بەڵام تا ئێستە هیچ دیار نەبوو خەمەکەی دڵی قورستر بوو، پاڵی بەگابەردێکەوە دا و لێی دانیشت، لەژێر ئەو گەرما بەتینەدا مەلیش باڵی لێک نەدەدا. چیا و لێڕەوارەکە کەوتبوونە ناو بێ دەنگییەکی جاڕس کەرەوە، هەستایەوە و جارێکی دی بە خەمێکەوە تەماشای خوارەوەی تەپەکەی کرد، چاوی بەچەند ڕەشماڵێ کەوت کە لە کۆتایی شیوەکەدا لەژێر دار بەڕووە زەبەللاحەکاندا کزیان کردبوو، ڕووی گەشایەوە، خێرا هەستاو بەرەو ڕەشماڵەکان کەوتەڕێ، باڵا کورتە ڕێک و چالاکەکەی لەژێر بارەکەی کۆڵیدا بچووکتری دەنواند. بەرزاییەکەی بەرەو خوارەوە قەدبڕکرد و خۆی گەیاندە بەرانبەر کۆتایی شیوەکە، کە گەیشتە نزیک ڕەشماڵەکان هێواشی کردەوە و بە ئەسپایی ڕۆیشتە پێشەوە، سەگێکی پیری یەک چاو لەژێر بەردێکدا سەری هەڵبڕی و دەستی کرد بە وەڕین، موراد ڕاوەستا، گاڵۆکەکەی لە دەستی توندکرد و چاوی بڕییە ڕەشماڵەکەی بەرانبەری، ژنێکی گەنجی باڵابەرز لە ڕەشماڵەکەوە هاتەدەر، دەستێکی بە سەرپۆشەکەیدا هێنا و هات بەدەمییەوە، ژنەکە چغەیەکی لە سەگەکە کرد، لە

موراد نزیک بووەوە و پێی گوت: خوا قەوەتت با.
- ماندوونەبی برا بۆ لەژێر ئەم گەرمایەدا وەستاوی؟ فەرموو وەرە ژوورەوە.
موراد ئاشنای خوو خدەی گوندنشینان بوو، رووی گەشایەوە و گوتی:
- خوشکێ خوا چاکت بۆ بکا، من چەرچیم، چەن جۆرێ قوماشم پێیە، لێرە کەس هەیە قوماش بکرێ؟
ژنەکە گوتی:
- دوورنییە هەبێ، بەڵام ئاوەها نابێ، فەرموو وەرە ژوورەوە و ماندوویەتیت دەرکە، هەرکەس بیەوێ دێت دەیکرێ.موراد پێش ژنەکە کەوت و بەرەو ڕەشماڵەکە کەوتەڕێ، لەگەڵ ڕۆیشتندا گوتی:
- ڕەشماڵی ئاشناکەم (میربەگ) لەم کۆمارەی ئێوەدا نییە؟
ژنەکە بۆ هەڵگرتنی چیلکەیەک دانەوی بووەوە، سەری هەڵبڕی و گوتی:
- ئێمە و میربەگ یەک هۆز و بنەچەین و پێکەوە کۆچ دەکەین، بەڵام ئەوان ئەم ساڵ ناچاربوون چەند ڕۆژێ زیاتر لە ( دەرە دۆزەخ )بمێننەوە، چوار ڕۆژی تر ئەوانیش بەرەو لامان دێن.
موراد گەیشتە بەر ڕەشماڵەکە، سەری دانەواند و چووە ژوورەوە، یەکسەر ڕۆیشت لەسەر لبادێک کە لەسەر تەختی ڕەشماڵەکەدا ڕاخرابوو دانیشت و پاڵی بەکوڵە بارەکەیەوە دا، گاڵۆکەکەی خستە لایەکەوەو دەستی کرد بەکردنەوەی گرێکانی کوڵەکەی، گرێکانی پێشەوەی کردەوە و کوڵە بارەکەی لە پشتی ترازاو کەوتە سەر زەوییەکە، موراد هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا. کوڕێکی گەنج بەدوو چاوی ئاوساو و خەواڵووەوە لەولای چیخەکەوە هات و سڵاوی کرد. موراد بۆ پێشوازی خاوەن ماڵەکە خێرا لەجێی خۆی هەستا و تەوقەی لەگەڵدا کرد، لەگەڵ یەکدا چۆن و چاکییان کرد و دانیشتن. خاوەن ماڵەکە باوێشکێکی دا و گوتی:
- گەرمای ئەم ساڵ حەشرەکا، ئەوەندە بێزاربووم نەمزانی کەی خەوم لێ کەوتووە.
موراد بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:
- یا لەوانەیە تازە زاوابی دۆستەکەم!
خاوەن ماڵەکە بەڕووی مورادا پێکەنی و گوتی:
- تازە زاوا خەو نایباتەوە، دەزانی؟
خۆی پێ نەگیرا تا موراد شتێک لەوەڵامیدا بڵێ، ڕووی کردە چیخەکە و ژنەکەی بانگ کرد:
- ماهڕوو..میوانەکەمان ماندووە و تینووە، ئاوێ، دەوێ، شتێکی بۆ بێنە، خێرا پارووە نانێکیشی بۆ ئامادە بکە.
ماهڕوو لەودیوی چیخەکەوە گوتی:
- ئاو دەخواتەوە یا دۆ؟
موراد لە وەڵامیدا گوتی:
- دەستت خۆشبێ خوشکێ، بێ زەحمەت ئەگەر هەیە دۆ بێنە دۆ، هەناوم گڕی گرتووە.
لە ڕەشماڵەکەی بەرانبەریانەوە ژنێک بە ماهڕووی گوت:
- ماهڕوو..ماهڕوو ئەو چەرچییەی ماڵەوەتان چی دەفرۆشێ؟
بەر لەوەی ماهڕوو هیچ بڵێ، موراد خۆی وەڵامی دایەوە و بەدەنگێکی بەرز بە ژنە هاوسێکەی گوت:
- قوماشم پێیە، قوماشی چاک، هەر شتێکت دەوێ هەیە سەدام زێڕە.. ڕیشی بابا (١)...
دەستی برد و بوخچەی قوماشەکەی ڕاکێشایە بەرخۆی و گرێکانی کردنەوە، قوماشە ڕەنگاوڕەنگەکانی لەسەر لبادەکە بڵاوکردەوە، ماهڕوو بە کاسەیەکی مسینی پڕ لەدۆوە لەو دیوی چیخەکەوە هاتە ئەم دیو، کە چاوی بە قوماشەکانی بەردەستی موراد کەوت، یەکسەر سەرنجی لەسەریان گیرسایەوە، موراد هەردوو دەستی بۆ وەرگرتنی کاسەدۆکە بەرەو ماهڕوو درێژکرد، ماهڕوو بێ ئەوەی چاو لە قوماشەکان کەلابکا، کاسەدۆکەی دایە دەست موراد و لەپاڵ قوماشەکاندا لەسەر چۆک دانیشت، موراد کاسە دۆکەی برد بۆ دەمی و هەمووی خواردەوە و کاسەخاڵییەکەی خستە کەنارەوە، تامی دەمی دایەوە و گوتی:
- دەستت نەڕزێ، دۆیەکی بەتام بوو، تامی مێشکە کەڵەکێوی دەدا.
ماهڕوو نوقمی تەماشاکردنی قوماشەکان بووبوو، بە زەوقەوە دەستی بەسەر قوماشەکاندا دەهێنا و جوان سەرنجی دەدان و بێ ئەوەی چاویان لێ کەلا بکات گوتی:
- نۆشی گیانت بێ.. هی ترت بۆ بێنم؟
موراد بە سۆزەوە سەیری ماهڕووی کرد و بە گاڵتەیەکەوە گوتی:
- دەترسم ئەم مێردەت قەدرت نەزانێ و بەشی کراسێ ڕیشی بابات بۆ نەکرێ.
خاوەن ماڵەکە پێکەنی و گوتی:
- ئەگەر ژن نەبێ چەرچیش نابێ، باشە بابێتە لاوە.
موراد قاقا پێکەنی.
پیاوەکە ڕووی کردە ماهڕووی خێزانی و گوتی:

– ئەرێ ئەوە لە سەیرکردنیان تێر نەبووی؟ مەگەر کراسی ڕیشی بابات نییە، هەڵسە برۆ پاروویەک نان بۆ ئەم بەندەی خودایە ئامادە بکە، بە دۆ سکی تێر نابێ.

موراد پێکەنینەکەی بڕی و گوتی:

– ڕازی نیم زەحمەت بکێشن، بەری لەپێ نان و جامێ دۆ بەسە.

ماهڕوو گۆشەی قوماشێکی سووری بەرزکردەوە، پیشانی مێردەکەی دا و گوتی:

– دەبینی چەند جوانە؟!

لەگەڵ تەماشاکردنی قوماشەکەدا و بە خۆشییەکەوە کە خۆشی دەکەوتە سەرلێوی، کاسە خاڵییەکەی هەڵگرت و هەستا بەرەو لای چێخەکە ڕۆیشت، مێردەکەی ئەو قوماشەی هەڵگرت کە ژنەکەی دڵی لێی چووبوو دایە دەست موراد و گوتی:

– بە ئەندازەی کراسێک لەم قوماشە بۆ هاوسەرەکەم ببڕە.

موراد نیو مەترەکەی لای قوماشەکان ڕاکێشا و دەستی کرد بە ئەندازەگرتنی و گوتی:

– جاڕێ هەڵدەن بەناو ئەم خزم و خوێشانەدا تا بزانین دێن شتێکمان لێ بکڕن، یان نا؟

خاوەن ماڵەکە گوتی:

– جاڕ و بانگەوازی ناوێ، ئەم ئاواییە سێ دانە ژن زیاتری تێدا نییە.

هەر ئێستە ئاگاداریان دەکەم، ڕووی کردە ڕەشماڵەکەی هاوسێیان و هاواری کرد:

– ئەرێ نوورمەلەک، ماهتابان ئەگەر قوماشێ شتێکتان پێویستە ئەوە میوانەکەمان هەموو چەشنێکی هەیە، هەرزانیش دەیفرۆشێ.

لەو دیوی چێخەکەوە بۆنی هێلکەی تازە و چزەچزی ڕۆنی خۆمانە ئاویان زایاندە زاری مورادەوە، موراد ئاوەکەی ناو دەمی قوت دا و مەقەستەکەی هێنا بە قوماشەکەدا، ئەوەی لێی بڕی پێچایەوە و خستییە لاوە و گوتی:

– پیرۆزی بێت

خاوەن ماڵەکە قوماشەکەی هەڵگرت و بەرەو لای چێخەکە ڕۆیشت.

ژنێکی نەگەنج و نەپیر سەری دانەواند و لەدەری ڕەشماڵەکەوە هاتە ژوورەوە: سڵاوی کرد و دانیشت، دەستی بە قوماشە بڵاوکراوەکاندا هێنا، گۆشەی قوماشێکی گرت و بەرزی کردەوە، جوان سەرنجی دا و بێ ئەوەی تەماشای موراد بکات، گوتی:

– مامەی چەرچی چەند مەترێ قوماشی سپیم دەوێ، پێت نییە؟

موراد گوتی:

– قوماشی سپیت دەوێ ؟ بۆچی؟

ژنەکە قوماشەکەی دەستی دانا و ڕووی کردە موراد و گوتی:

– پێویستم پێیەتی.

موراد گوتی:

– ئاخر بابزانم کام جۆرەت پێویستە تابۆت بێنم.

ژنەکە ڕووی کردە قوماشەکان و خۆی پێوە سەرگەرم کردن، بە شەرمێکەوە گوتی:

– خوا تەمەن درێژت کات، چەند ڕۆژێکی دی شایی کچەکەمە، حەتمەن پێویستە پارچەیەک پەڕۆی سپی لەناو کەلوپەلەکانی جیبیازییەکەیدا بێت.

موراد پێکەنی و گوتی:

– ئێ تێگەیشتم، کەواتە بڵێ بۆ کارێکی زۆر گرنگم دەوێ، ئێستە نازانی کە مێردەکەت ئەسڵی مەسەلەکەی فەرامۆش کردووە و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ؟!

ژنەکە بە تووڕەبوونێکەوە گوتی:

– خوا هۆش و گۆشی بەم مێردەی من نەداوە، مێشکی پڕە لە کا.

خاوەن ماڵەکە لەو دیوی چێخەکەوە هات و گەیشتە سەر قسەکانی ژنەکە و گوتی:

– دەیەوێ سەربخاتە سەرت، چ دەڵێی پوورە مرواری؟.

ژنەکە هیچی نەگوت و مەتەقی لەخۆی بڕی و چاوی بڕییە خاوەن ماڵەکە.

خاوەن ماڵەکە لە تەنیشت قوماشەکاندا دانیشت، مشتێ پارەی بەڕووی مورادا گرت و گوتی:

– پارەی قوماشەکەت.

موراد بەشەرمێکەوە گوتی:

– هیچێ نییە، بەخوا بۆ خوشکی خۆم بووە.

خاوەن ماڵەکە گوتی:

– خوا لە برایەتیت کەم نەکات، پارەی قوماشەکەت وەرگرە.

موراد پارەکەی ژمارد و خستییە باخەڵی کراسەکەیەوە، ڕووی کردە مرواری و گوتی:

– خوشکێ دەگەڕێمەوە بۆ شار، حەوت ڕۆژی دی دێمەوە، ئەگەر کاتی زەماوەندەکە حەوت ڕۆژی ترە، ئەوە بەڵێنت پێ دەدەم کە حەتمەن بیگەیەنمە دەستت.

ژنەکە ڕازی بوو گوتی:

– خوا دەستی بەباڵی منداڵەکانتەوە بێ، ئەوە زۆری بە بەرەوەیە، ڕۆژی زەماوەندەکەمان دوو پێنج شەممەی تر دەکات.
بەپەلە لەجێگەی خۆی هەستا و گوتی:
– بڕۆم پارەت بۆ بێنم؟
موراد گوتی:
– ئەو کاتە تا حەوت ڕۆژی تر هەر لێرەی؟ یا دەچی بۆ لەوەرگایەکی تر؟
خاوەن ماڵەکە لە وەڵامی مورادا گوتی:
ئەگەر لێرەش نەبووین ئەوە لە لەوەرگەی (گەدەر) دەبین، شارەزای؟ پشتی هەمان چیای بەرانبەرمان.
موراد گوتی:
– بەڵێ بەڵێ شارەزام.
مرواری کە بەپێوە وەستا بوو گوێی لە قسەکانی موراد و خاوەن ماڵەکە دەگرت، هاتە گۆ و گوتی:
– لەباتیدا چەند پارەت بۆ بێنم؟
موراد گوتی:
– ئێستە پێویست ناکا پارە بدەی.
ژنەکە گوتی:
– ئاخر ئەگەر پارەکەی بدەم خەیاڵم ئاسوودە دەبێ کە ئیتر فەرامۆشی ناکەیت و حەتمەن بۆم دێنی.
موراد گوتی:
– پوورە مرواری هەمووی مەهێنە، ئەگەر ئێستە چوار هەزار بێنیت بەسە و ئەوەی کە دەمێنێتەوە کاتێ وەری دەگرم کە قوماشەکەت بۆ بێنم.
مرواری دەمی داچەقاند و بەسەرسوڕمانێکەوە گوتی:
– چوار هەزار تمەن؟! مامە کێوی قافت لێ گرتووین؟
خاوەن ماڵەکەو موراد پێکەوە دایانە قاقای پێکەنین. ژنەکە گاڵتەگرتنەکەی مورادی لەدڵ گرت و بەگلەییەکەوە گوتی:
– ماشەڵڵا: زۆر دڵت خۆشە برا، خوا خۆشی لە دڵت دەرنەکات، حەتمەن ژنەکەت بەدڵی خۆتە و منداڵەکانیشت گوێ ڕایەڵتن، بۆیە ئەوەندە شاد و سەرحاڵیت.
موراد پێکەنینەکەی بڕی و گۆڕا، بەگلەیی کردنەکەی مرواری و نارەحەت بوو، موراد ئاخێکی هەڵکێشا و بەخەمێکەوە گوتی:
– چی بڵێم دایکەکەم؟ لەم ڕۆژگارەدا ئەگەر گاڵتەیەک لەگەڵ یەک نەکەین شێت دەبین. دەتوانین چی بکەین! مرواری کاتێ تێگەیی کە گلەیی کردنەکەی چەرچیەکەی دڵتەنگ و جاڕس کردووە لە کردەوەکەی خۆی پەشیمان بووەوە، ئیتر بۆ دڵدانەوەی موراد لێی پرسی:
– ماڵت لە شارە یان لە گونددا دەژیت؟
– موراد گوتی:
– لە شارین، گەڕەکی جافرا(٢)وا پازدە ساڵێک دەبێ ماڵمان گواستووەتەوە شار، بەڵام من تا ئێستاش نەمتوانیوە لەگەڵ ژیانی ناو شاردا ڕابێم، چونکە تاقەتی ژیانی ناوشارم نییە، کە لە شاریشدام، هەست دەکەم دەپووکێمەوە، ئێستە کە لە شار دەردەچم لەناو هۆز و تیرەکاندا دەژیم، شادم، چونکە هەم پارووەیک نان پەیدا دەکەم و هەم دڵم دەکرێتەوە.
خاوەن ماڵەکە لە مورادی پرسی:
– بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ گوند؟ زەویوزارت نییە؟
موراد گوتی:
– نەخێر، زەوییەک کە دڵ خۆش بکات نیمە، نزیک بە دە هەزار دۆنم زەوی دێمم هەیە، کە هەرگیز ژیانم نابات بەڕێوە، ئەگەر هیوایەکم بە گوند هەبوایە ئایا لە شاردا بە دوای ماردا دەگەڕام؟!
لە بەدبەختی و بێ دەستەڵاتی گواستمانەوە بۆ ناو شار، بەڵام کاشکێ ئەم کارەمان نەکردایە و لەهەمان گونددا دەمانەوە، ئێستە خۆمان لادێین و منداڵەکانمان شارین، بەڵام نە سەر لە ژیانی شار دەردەکەین و نە ژیانی خێڵایەتی، سەرگەردان لە هەردووکیان دابڕاوین، خوابێت بە هانامانەوە.
ماهڕوو دوو ناوساجی و قاپێک هێلکە و ڕۆنی لەسەر سینییەک هێنا و لەبەردەم مورادا داینا و ڕۆیشت تا کاسەیەک دۆیش بێنێ. موراد سەیری خاوەن ماڵ و مرواری کرد و بۆ خواردنەکە فەرمووی لێ کردن.
مرواری گوتی:
– نۆشی گیانت بێ، هەرنەتگوت چەندێ پارە بۆ کڕینی قوماشەکە بێنم.
موراد تیکەکەی برد بۆ دەمی و گوتی:
– دوور لەگاڵتە، ئێستە نابێ پارە بدەی، ڕاوەستە قوماشەکەت بۆ دێنم ئەو کاتە پارەت لێ وەردەگرم.
مرواری گوتی:
– خوا ڕزق و ڕۆزیت زیاتر کات، ئەو کاتە حەتمەن بیرت دەکەوێتەوە؟ لەبیری ناکەی؟ موراد تیکەکەی قوت داو گوتی:
– نانا لەبیرم ناچێ ئەوە پیشەمە.
مرواری گوتی:
– چۆنە بەلاتەوە داوەدەزوویەک لە پەنجەت گرێ بدەم بۆ ئەوەی فەرامۆشی نەکەی، ئاخر دەزانی ئێمە کارەکەمان پەکی دەکەوێ؟.

موراد نانەکەی خستە ناو قاپەڕۆنەکەوە و گوتی:
- دڵنیابە لەبیری ناکەم؟
پەنجەی بۆ مرواری درێژکرد و گوتی:
- ها..ئەوە پەنجەم دەزووی لێ ببەستە.
مرواری دەستی بۆ سەرپۆشەکەی برد و گلۆڵە دەزوویەکی دەرهێنا و هەندێکی لێ قرتاند، باش لە پەنجەی موراد بەستی و گوتی:
- دەزانم بەم شێوەیە بیرت دەکەوێتەوە.
موراد گوتی:
- دڵنیابە بێ ئەمەش هەر لەبیری ناکەم.
مرواری گوتی:
- ئێمە چاوەڕوانین، خۆت و غیرەتت.
خاوەن ماڵەکە ڕووی کردە مرواری و گوتی:
- سەفەر عەلی بەسەلامەتی کاری عەقدەکەی تەواوکردووە؟
مرواری گوتی:
- بەڵێ.. گیانت سەلامەت بێ، کچەکە بەرەو ماڵی بەختی دەڕوات، ئەوانیش خەڵکێکی خراپ نین و خاوەن ماڵ و حاڵن و کاری ئابڕووبەرانەیان نەکردووە، پەنا بەخوا بزانین چۆن دەبێ..
لەناکاو قسەکەی بڕی و وەک ئەوەی شتێکی گرنگی بەبیردا هاتبێ گوتی:
- وەی براکەم! سەفەر عەلی شتگەلێکی گوت کە بە تەواوی مرۆڤ سەرسام دەکات.
ماهڕوو کاسە دۆکەی لە کەناری سینییەکەدا دانا و بەسەرسوڕمانێکەوە پرسی:
- چی دەگوت پورێ مرواری؟
مرواری گوتی:
- سەفەر عەلی دەیگوت چەند ڕۆژێ لەمەو پێش لەناو شاردا لاوێکی شازدە، حەڤدە ساڵ شەو دڵی دێتە ژان، باوک و دایکیشی دەیبەن بۆ خەستەخانە، خێرا لەوێ دکتۆرەکان دادەبارن بەسەریدا و نەشتەرگەری بۆ دەکەن، کاتێ سکی هەڵدەدڕن...
ژنەکە لێوە لەرزەی پێکەوت و گەرووی گیرا، موراد پارووە نانەکەی لە دەستیدا هێشتەوە و زەق زەقێ چاوی بڕییە ژنەکە و هەموو گیانی بوو بەگوێ.
خاوەن ماڵەکە گوتی:
- میوانەکەمان دەیەوێ خواردنەکەی بخوات، واز لە گریانەکەت بێنە بۆ دوایی، ئێستە قسەکەت بکە بزانم ئەنجامەکەی چی بوو؟ مرواری بە لەپی دەستی فرمێسکەکانی سڕی و گوتی:

- کاتێ سکی هەڵدەدڕن دەبینن، هەی داد و بێداد ناوسکی پڕە لەهیرۆیین.
موراد و خاوەن ماڵەکە پێکەوە بەسەرسوڕمانێکەوە گوتیان:
- هیرۆیین؟!.
مرواری گوتی:
- بەڵێ دایکت بمرێ، سەفەر عەلی دەیگوت قاچاخچییەکان منداڵی هەژار و نەفام بەپارە دەخەڵەتێنن و لەگەڵ خۆیاندا دەیانبەن بۆ (زاهیدان)، لەوێ هیرۆیین دەکڕن، دەیکەنە ناو گلۆپی میزەڵانەوە و دەرخواردی منداڵەکانی دەدەن، پاشان دەیاننێرنەوە بۆ شاری خۆیان تا کاتێ کە گەیشتنە شوێنی خۆیان هیرۆیینەکان هەڵبێننەوە.
مرواری سوور داگیرسابوو، بە توندی و توورەییەوە قسانی دەکرد.
- قاچاخچییە خوانەناسەکان گەدەی ئەو منداڵە چارەڕەشانەیان کردووەتە کۆگای هیرۆیین، تا خۆیان پارەی زیاتری تیا بەدەست بێنن.
نەیتوانی درێژە بەقسەکانی بدات لە پرمەی گریانی دا و بەدەم هاوارەوە گوتی:
- ئای نەگبەت دایکت بمرێ.
موراد فرمێسکە برووسکەدارەکانی ژنەکەی دەبینی بە گۆنای خۆر بردوویەوە غلۆر دەبوونەوە، پارووەکەی دەستی خستە ناو قاپەکەوە و لە سینییەکە دوورکەوتەوە.
خاوەن ماڵەکە سەری ڕاوەشاند و گوتی:
- چ چووچووچوو ئەڵاهوئەکبەر، ئەمە چ جۆرە بەدبەختییەکی ترە؟!
سەیرێکی موورادی کرد و بە سەرسوڕمانێکەوە گوتی:
- ها.. ئیتر کەس بەم شێوەیە گومانیان لێ ناکات:
مورادی غەمبار گوتی:
- نا..نا
ماهڕوو هەردوو دەستی گرت بە سیمایەوە و خۆی گەیاندە ئەو دیوی چیخەکە، مرواریش گریانی چکی کرد، فرمێسکەکانی بە داوێنی کراسەکەی سڕی و بە دەنگێکی گریاناوییەوە گوتی: دەڵێن ئەمە یەکەم جاریشی نەبووە کە کاری وەهای کردووە، چەند جارێکی تر بەهەمان شێوە لە زاهیدانەوە هیرۆیینی بۆ قاچاخچییەکان هێناوە، بەڵام ئەم جارە دەرنەکەوتووە کە بۆچی هیرۆیینەکان لەناو ڕیخۆڵەکەیدا ماونەتەوە و هەرچی بکات نەتوانێ هەڵیان بێنێتەوە، تا کار بەو گەیشتووە دوای یەک دوو ڕۆژ باوک و دایکی ناچار دەبن بیبەنە لای پزیشک. لە

خەستەخانەکەدا دکتۆرەکان گوتبوویان کە هاتووەتەوە لەڕێگە شتێکی خواردووە و ئیتر ئەم بەڵایەی بەسەردا هاتووە.

خاوەن ماڵەکە بە سەرسوڕمانێکەوە پرسی!

– یانی نابێ خواردنێ شتێ بخۆن؟

– – نا، بەو شێوەیەی سەفەر عەلی دەیگوت چل پەنجا کاتژمێر کە بەڕێوەن نابێ دەم بە هیچ خواردن و خواردنەوەیەکەوە بدەن.

خاوەن ماڵەکە بە نارەحەتییەکەوە سەری ڕاوەشاند و لەبەر خۆیەوە کەوتە قسەکردن.

– زۆر خراپە.. زۆر زۆر.

موراد گۆشەکانی بوخچەکەی کۆکردەوە، گرێی دان بەیەکەوە و گوتی:

– خۆزگە تاید، یان ڕێکای بخواردایەتەوە تا سکی دەکەوتەوە کار.

ڕووی کردە مرواری و پرسی:

– مێردەکەت نەیگوت بەرپرسەکان هەستیان کردووە یان نا؟

مرواری بە دڵنیاییەوە گوتی:

– هەست کردن؟! لە ژووری نەشتەرگەرییەکەیدا بەسەریەوە بوونە.

موراد سەری ڕاوەشاند و هیچی نەگوت، هەستا بوخچەکەی کردە کۆڵی و گوتی:

– من ئیتر زەحمەتتان نادەم.. بابڕۆم.

خاوەن ماڵەکە تکای لێ کرد و لەڕووی دڵسۆزییەوە پێی گوت:

– هێشتا هەوا گەرمە، چایشت نەخواردەوە، بمێنەوە تا هەندێ هەوا فێنک دەبێ.. ئەو کاتە بڕۆ.

موراد گالۆکەکەی لەسەر زەوییەکە هەڵگرت و بەدڵێکی تەنگەوە گوتی:

– زۆر زەحمەتم دان، بازووتر بڕۆم، بەڵکو بگەم بە ئۆتۆمبێلێ..شتێ. سەری دانەواند و لە ڕەشماڵەکە دەرچوو، خاوەن ماڵەکە لەگەڵیدا هاتە دەرەوە، موراد ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت.

مرواری لەبەر ڕەشماڵەکەوە مورادی بانگ کرد:

– براکەم ئامانەتەکەمانت لەبیر نەچێ، چاوەڕوانتین خوات لەگەڵ، موراد هیچ وەڵامێکی ژنەکەی نەدایەوە و بەرەو لێرەوارەکە کەوتەڕێ و لەناو چڕایی درەختەکاندا ون بوو، باڵا کورتەکەی لەژێر کۆڵەکەیدا چەمیبوویەوە، پێ لەڕ و لاوازەکانی دەهاتن بەیەکدا و لاشەیشی سست و تەمەڵ توانایی ڕێگابڕینی لێ بڕیبوو. خاوەن ماڵەکە لەپاڵ دیلەکی ڕەشماڵەکەدا وەستابوو، بە غەمگینی چاوی بڕیبووە شوێن پێی موراد. جۆرێ هەست بەدڵتەنگی رووی تێ کرد، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک و بەخۆی گوت:

– ئەم پیاوە شتێ بوو.. شت

ڕووی کردە مرواری بە توندی گوتی:

– تۆ چۆن لەو کاتەدا ئەو قسانەت کرد؟ پارووە نانەکە لەناو دەمیدا وشک بوو.

دانیشت و ئەژنۆکانی گرتە باوەش.

***

لە هەوای نە تاریک و نە ڕۆشنی دەمەوئێوارەدا موراد گەیشتە کەناری شار. لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی، تۆزی سەر و سیمای تەکاند، بوخچەکەی کردە کۆڵی و لەژێر تیشکی گڵۆپەکانی کەناری شاردا کەوتەڕێ. لەناو بیرکردنەوەدا بوو، هەستی بە کۆڵە بارەکەی پشتی نەدەکرد، نهێنییەک دەروونی گوشی، جۆرێک هەستی بە هەناسەسواری کرد، وای دەهات بە خەیاڵدا ڕووداوێکی ناخۆشی بەسەردا هاتووە، گێژوویژ بەرەو ماڵەوە کەوتەڕێ، لەگەڵ خۆیدا شەڕی دەکرد، لەو کاتەوەی قسەکانی ئەو ژنە لادێییەی بەرگوێ کەوتبوو، گۆڕابوو، دوو شەو و دوو ڕۆژ هەر بیری کردبووەوە، ئێستە مت بووە و لەبەر خۆیەوە هەزار چەشنە بیری دەکردەوە. محەمەدی من نەبێت ؟ ئەوەی کە ئەو ژنە عەشایرە گوتی؟! نا.. بۆ محەمەدی من.. من بۆ هەروا بێ هوودە لەبەر خۆمەوە ئاوا بیردەکەمەوە؟ کوڕی من پێوەندی بەو قسانەوە چییە؟ ئەو کەسەی ئەو کارەی کردووە حەتمەن کەسێکی لابەلاو بێ خاوەنە. لە کۆڵانێکی تەنگەوە تێپەڕی و پێی نایە کۆڵانەکەی خۆیانەوە، لەناکاو چاوی بەپەڕۆیەکی ڕەش کەوت بەدەرگاکەیانەوە هەڵواسرابوو، ئەژنۆکانی سست بوون.. لەتاوا کەوت، بەدەستێکی خۆڵی کۆڵانەکەی هەڵگرت و ڕژاندی بەسەر خۆیدا، بە پەشێوییەوە چاوی بە وێنەیەکی ناو پەڕۆ ڕەشەکە کەوت. محەمەد لەناو پەڕۆ ڕەشەکەدا زۆر بەتاسەوە تەماشای باوکی دەکرد.

**تێبینی:**

**١– ناوی دوو پارچە قوماشن، خەڵکی کرماشان ئەو دوو ناوەیان لێ نابوون.**

**٢– گەڕەکێکی گەورەی هەژارنشینە لە کەناری شاری کرماشان و دانیشتوانی لەگوندەوە کۆچیان بۆ کردووە.**